پڕۆژەی فەلسەفە

پڕۆژەی هاربەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین
دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی



فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکی

21831

د. حەمید عەزیز

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین
و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

۸

ناوی کتێب: فەلسەفەی سەردەمی رۆمانتیکی

نووسینی: د.حەمید عەزیز

سەرپەرشتیی پرۆژە: ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)

سەرپەرشتیی کارویاری دەزگا: هەردی زیاد صالح (دەزگای موکریانی)

نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن

بەرگ: وریا بوداغی

ژمارەی سپاردن: (٤٩٣)

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

چاپی یەکەم: (٢٠١٠)

نرخ: (٣٠٠٠) دینار

چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەرۆک

پێشەکی ٧
بنەڕەتە فەلسەفەییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیك ١١
فەلسەفە لە چواچێوەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا ٤٩
ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە جیهاندیدی فەلسەفەدا ٧٣
فەلسەفەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ١١٣
ژیان لە ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا ١١٣
فەلسەفە و نەدەب و هونەر ١٥٧
یەکڕەنگی و دوو ڕەنگی و فرە ڕەنگی ١٥٧
نیگزیستێنتیالیزم پشتکردنە زانست و بێنیاز بوون لە فەلسەفە ١٩١
نامۆیی: چەمکێکی فەلسەفە ٢١٩
فریدریك نیتشێ دیاردەیەك لە نێوان فەلسەفە و نەدەبدا ٢٤٧
کارڵ مارکس ٢٦٩
سۆسیال دێمۆکراتی یان مارکسیزم ٢٩١
سەرەتا ٢٩١
بنەما و سەرچاوە ٢٩٩
مارکسیزم ٣٠١
سۆسیال دێمۆکراتی ٣٠٩

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

ئەو بابەتانەی لەو کتێبەدا بڵاوکراوەنەتەوە ئەگەر چی لە کاتی جیاوازدا و دەربارەی بابەتی جیاوازبن، ئەوا لە گەوهەردا لە چوارچێوەی هەوڵێکدا یەکدەگرنەوە کە دەکرێ بە چەند خاڵێك رووبکرێتەوە:

یەکەم: شۆرشی سەرتاپاگیری فەرەنسا(١٧٨٩ز) کۆڵتورێکی فرەنگی بە پێزی داهێناوە لە نەمامیك چوە لقەکانی فەلسەفەو سیاسەت و نابووری و سۆسیۆلۆجی و زانست... بوون.

ئەگەر نەولقانە سەر بەنەمامێك بووبن لە زەمینەی پرهاتێکدا شین بووبێ شۆرشی فەرەنسا خۆشی کردبێ، ئەوا ئەو لقانە هەریەکەی رووی لە جێگایەك کردووە چونکە نامرازوو ناواتی بابەتی فرە رەنگ و لە یەکتری جیاوازیان بەرجەستە کردووە.

دووەم: ئەگەر چی فەلسەفە ژیری پەسەند کردووە نەدەبی رۆمانتیکی پەنای بردۆتە بە هەست و سۆز و پشتی کردبێتە ژیر ئەوا هەردووکیان کۆرپەی لە یەکتری جیاوازی شۆرشی سەرتاپاگیری فەرەنسان: کۆرپەیەکی لە باری پێشکەوتووخوازی پەرەپێدەر و کۆرپەیەکی لاساری یاخی بوو.

سێیەم: جیاوازی ئەم دوو هەڵوێستەی ئەم دوو بابەتەی هزری مرۆڤ لەوەوە کەوتۆتەوە لە دوو سونگەی جیاوازەوە سەرنجیان داوەو بە پێی دەرکەوت و هاوردەی ئەم سەرنجە هەڵوێستیان دیارو دەست نیشان کردووە.

رۆمانتیکیەکان لە سەرمایەداری سەردەمی خۆیان تەنیا لایەنی نالەبارو ئەنجامە دڵتەزێنەکانیان دیوە هۆکاری ئەمانەیان هەموو لەژیردا کۆکردۆتەوە و

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

نۆیالّەکەیان خستۆتە نەستۆ و کۆشاون لە مەیداندا دووری بخەنەوە، بە پێچەوانەوە فەلسەفە و روشنگەریی لایەنی گەش و ئەنجامە لە بارەکانی شۆرشی فەرەنسا یان دیوە و بە ئەنجامێکی ئاسایی پەرەسەندنی ژیریان داناوە .

چوارەم: ڕێبازەکانی فەلسەفەی نەو سەردەمە ئەگەر چی پڕپشکی شاعیرانی ڕۆمانتیکیان بەرکەوتوو و پێیان هەڵپڕژاوە بەڵام کۆشاون ساغی بکەنەوە کە ژیر، نازادی، گۆرینی فۆرم و ڕووخساری دەسەڵات و چاککردنی پەیوەندیە نابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ژین لە کۆمەڵگادا دەستەبەری بەدیهێنانی نەو نامانجانە دەبن کە فەیلەسوف و نەدیب و هونەرمەند هەریەك لە لای خۆیەوە بە شێوازی جیاواز و بە نامرازی تایبەتی هەوڵی بۆ دەدەن.

پێنجەم: جیاکردنەوەی نایین لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگا، ناڕەوا کردنی دەسەڵاتی نایینی مەسیحی بە سەر کۆمەڵگادا لە سیاسەتدا بە هیچ جۆرێك لە شۆرشی فەرەنسا کەمتر نەبووە.

شەشەم: نەو دەستەکەتووە پێشکەوتووخوازانەی دوای شۆرشەکە بۆ مرۆڤی نەورووپای نەوسا هاتوونەتە دی بە هۆی فەلسەفەوە بووە نەك بە کۆششی ڕێبازی ڕۆمانتیکی و نەندێشەی شاعیران.

حەوتەم: ڕێزلێنانی ژیر ڕێزنانە لە مرۆڤ و تواناو هێزو دەسەڵاتی، پشت کردنە ژیر پەنا بردنە بەر هەست و سۆز و نەفسانەو داستان هیچ کاتێك تاقە گولێکی نەخستۆتە سەر خەرمانی بە ڕەوپێش چوونی ڕەوڕەوەی گەلان.

شەشتەم: کێشەی بایەخ دان بە ژیر یان ڕووکردنە هەست و سۆز (ڕۆمانتیك) بابەتێکە هەویرەکەی ناوێکی زۆر دەکێشێت کاتی خۆی موعتەزیلە و نینجا دیکارت هەوڵیان داوە تیشك بخەنە سەر نەو لایەنەو تەرازوو بە لای ژیر(نەقل)دا لاسەنگ بکەن نەگەرچی موعتەزیلە و دیکات لە دوو سەردەم و لە هەڵ و مەرجی جیاوازدا دەست بەکاربوون، بەڵام دوو

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

نامانجی نەوبریارە بوێرانەیان یەك نیشان دەپێکێ نەونیشان پێکانە و نەو دوو نەنگوتنە بریتییە لە هەڵتەکاندنی نەو بنەمایەی داب و نەریت کە چینی دەسەڵات داری فیودالی تیوکراتی پشت نەستور بە بنەرەتەکانی نایینی لە نەوروپاو رۆژهەڵات پشتی پێ بەستووە بنەمای نەتەوەو رەگەزو و بنەماڵەو رەچەڵەك و میرات و خانەدانی نەوان وەڵامی نەم پرسیارەیان داوەتەوە ((بێگوومان دواتریش رۆشنگەرەکان)) نایا چاکەو چاکەکاری و پلەو پایەی مرۆڤ لە چیەوە دەکەوێتەوە؟! نایا مەرجە کە هەرمرۆڤی بەرەچەڵەك خانەدان بەتەنیا چاکەکارەو شایستەی پلەو پایەی سیاسیی وکۆمەڵگایەتیە؟! بایەخ دان بەژیر ناکردنی هەردوو پرسیارەکەیە، کەلەو کتێبەدا بە پێی توانادا کۆکیمان لێ کردووە.بایەخی مرۆڤ لەوەدایە کە ژیر و خاوەنی ژیرە .نەو ژیرەش- دیکارت گووتەنی- بە یەکسانی و عەدالەت بە هەموو مرۆڤێك بەخشراوە بەڵام رادەی بەکارهێنان و سوود لێوەگرتنەوەکەی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی ترەوە جیاوازە. بایەخ دان بە ژیر پێداگرتنە لەسەر یەکسانی مرۆڤ لە بەردەم نایین و کۆمەڵگاو سیاسەتدا .نەمەیان سروشتی فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەمە کە بە پەرچی و رۆمانتیکی داوەتەوە.

قەڵادزێ ۲۰۰۹/۱/۷

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library